24ی کانوونی دووەمی 2016 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

باڵیۆزی ئەمەریکا لەعێراق ستیوارت جۆنز سەردانی هەولێر دەکات بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق مەسعود بارزانی و پارێزگاری نەینەوا نەوفەل عاکوب

لەرێکەوتی 24ی کانوونی دووەم، باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغداد سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراقی کرد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق مەسعود بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی و گەورە بەرپرسانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها باڵیۆز جۆنز بەجیا لەگەڵ هەریەک لە پارێزگاری نەینەوا نەوفەل عاکوب و سەرۆکی پێشوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەم سالح کۆبووەوە. کونسوڵی گشتی ئەمەریکا ماتیاس میتمان هاوڕێیەتی باڵیۆز جۆنزی دەکرد لەسەردانەکەیدا.

لەمیانی کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ سەرۆک بارزانی و گەورە بەرپرسانی تری حکومی، باڵیۆز جۆنز دووپاتی لە پشتیوانی بەهێزی ئەمەریکا بۆ پێشمەرگە لە شەڕی داعش و، هەروەها لە گرنگی بەشتر کردنی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغداد و پێویستی جێبەجێکردنی چاکسازی سیاسی و ئابووری کردەوە.

###